# خوای گەورە غیرەت دەکات، وئیماندار غیرەت دەکات، غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئیماندار کردەوەیەك بکات کە خودا حەرامی کردووە لە سەری

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە غیرەت دەکات، وئیماندار غیرەت دەکات، غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئیماندار کردەوەیەك بکات کە خودا حەرامی کردووە لە سەری».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە غیرەت دەکات وڕقی دەبێتەوە، هەروەکو چۆن ئیماندار غیرەت دەکات وڕقی دەبێتەوە، وهۆکاری غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە ئیماندار حەرامێك دەکات کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لەسەری ؛ وەکو زینا ونێربازی ودزی ومەی خواردن وهتد لە تاوانە پیس وقێزەوەنەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3354